# هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ

٢٣ حوزەیرانی ٢٠١٩

گەیلان عەباس




ژوری توێژینەوەی سیاسی – بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 00964(0)7725047120 & 00964(0)7481505010
Email: research.gorran@gmail.com

حوزەیرانی ٢٠١٩

# هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ

## ٢٣ حوزەیرانی ٢٠١٩

## گەیلان عەباس

**ژوری توێژینەوەی سیاسی – بزوتنەوەی گۆڕان**
**Tel: 00964(0)7725047120 & 00964(0)7481505010**
**Email: research.gorran@gmail.com**
**حوزەیرانی ٢٠١٩**

پێڕست

سەرەتا ........ ٢
چەند زانیارییەکی گشتی دەربارەی ٢٣ حوزەیرانی شارەوانی ئیستەنبوڵ ........ ٤
پارتە بەشدارەکانی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ ........ ٥
ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ ٣١ ئازاری ٢٠١٩ ........ ٦
چۆن بڕیاردرا بە دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ ؟ ........ ٨
کاردانەوەی بڕیاری دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی ئیستەنبوڵ ........ ١٠
لێکەوتە ئابورییەکانی دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ ........ ١٣
گرنگی ئیستەنبوڵ لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا ........ ١٣
ئاکپارتی بۆ دەستبەرداری ئیستەنبوڵ نابێت؟ گرنگی ئیستەنبوڵ بۆ ئاکپارتی چییە؟ ........ ١٥
رۆڵی کوردو هەدەپە لەهەڵبژاردنی سەرۆک شارەوانی ئیستەنبوڵدا ........ ١٨
هەدەپە چۆن جەهەپەی سەرخست؟ ........ ١٩
ئەمجارەش دەنگی کورد یەکلاکەرەوە دەبێت؟ ........ ٢٠
ئاکپارتی دەتوانێت دەنگدەرانی کوردو هەدەپە لە ئیستەنبوڵ راو بکات ؟ ........ ٢١
ئەنجامی راپرسییەکان دەربارەی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ ........ ٢٧
پوختەو ئەنجامگیری ........ ٢٩
سەرچاوەکان ........ ٣١

## سەرەتا

وابریارە رۆژی ٢٣ حوزەیرانی ٢٠١٩ هەڵبژاردنی گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ بەڕێوەبچێت، ئەم هەڵبژاردنە بریتییە لەدوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ کە لە ٣١ ئازاری ئەمساڵدا ئەنجامدرا. لەهەڵبژاردنی پێشودا بەربژێرەکەی جەهەپە، توانی بەسەر بەسەر بەربژێرەرەکەی ئاکپارتیدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. بەڵام دواتر بەهۆی فشارە بەردەوامەکانی ئاکپارتی، ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا بەکۆمەڵێک پاساوی جیاواز، بڕیاریدا بەهەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆک شارەوانی ئیستەنبوڵ و رۆژی ٢٣ حوزەیرانیشی دەستنیشان کرد بۆ رۆژی دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکە.
ئەوەی لەم هەڵبژاردنەی ئەمجارەدا چاوەروان دەکرێت، بریتییە لەرکابەریەکی توند لەنێوان هەردوو بەربژێر (بینالی یەڵدرم: ئاکپارتی) و (ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ: جەهەپە)، بەراورد بە بەربژێری پارتەکانی دیکە. لەلایەکی دیکەشەوە (هەدەپە)، هاوشێوەی هەڵبژاردنی ٣١ ئازاری ئەمساڵ سەرەرایی نەبونی بەربژێر بۆ پۆستی سەرۆک شارەوانی ئیستەنبوڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەمی چاوەکان لەسەر دەنگدەرانی هەدەپەیە، بەو پێیەی چاوەروان دەکرێت هاوشێوەی هەڵبژاردنی ٣١ ئازار، لەم هەڵبژاردنەشدا دەنگدەرانی کوردو هەدەپە، رۆڵی گەورە ببینن لە یەکلابونەوەی ئەنجامەکان لەبەرژەوەندی یەکێک لەکاندیدە رکابەرەکان.

ئەوەی ئێمە لەمیانەی ئەم راپۆرتەدا گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین، بریتییە لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکەی ٢٣ حوزەیرانی ئیستەنبوڵ و چۆنیەتی رێکارو ریوشوێنەکانی بەرێوەچونی پرۆسەکە، هاوکات هەوڵدەدین باس لەهۆکارەکانی دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکە بکەین، لەگەڵ کاردانەوەو سیاسیەکانی بریارەکەو لێکەوتە ئابورییەکانی بریارەکە، دواتر باس لەگرنگی شارەوانی ئیستەنبوڵ دەکەین، لەروی سیاسی و ئابورییەوە، بەتایبەت گرنگی ئەم شارەوانییە بۆ ئاکپارتی. دواتر هەوڵدەدەین وەڵامی چەند پرسیارێک بدەینەوە پەیوەست بە رۆڵ و کاریگەری هەدەپە لەهەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵدا، ئایا هەدەپە لەم هەڵبژاردنەشدا دەتوانێت رۆڵی سەرەکی ببینێت، هاوشێوەی هەڵبژاردنی رابردوو؟، هەدەپە لەهەڵبژاردنی

رابردودا چۆن جەهەپەی سەرخست؟، ئایا هەدەپە دەنگ دەداتەوە بە بەربژێرەکەی جەهەپە؟ یاخود مانۆرە سیاسییەکانی ئەم دواییە ئاکپارتی و ئەردۆغان کاریگەری دەبێت لەسەر دەنگدەرانی کوردو هەدەپە، بۆ دەنگ نەدانەوە بە بەربژێرەکەی جەهەپەو روکردنە ئاکپارتی یاخود بێلایەن بون لەو نێوانەدا؟ ئەمانەو چەند پرسێکی دیکە، لەم راپۆرتەدا هەوڵدەدەین وەڵامیان بدەینەوە.

## چەند زانیارییەکی گشتی دەربارەی ٢٣ حوزەیرانی شارەوانی ئیستەنبوڵ

- ✓ لەم هەڵبژاردنەدا ١٠ ملیۆن ٥٦٠ هەزار و ٩٦٣ هاوڵاتی ئیستەنبوڵ، لەسێ بازنەی هەڵبژاردن، روو لە بنکەکانی دەنگدان دەکەن و دەنگ دەدەن.
- ✓ لەم هەڵبژاردنەدا ٣١ هەزار و ١٢٤ سندوقی هەڵبژاردن بۆ دەنگدانی هاوڵاتیان دابین کراوە، هەر سندوقێک دەنگی ٤٠٠ دەنگدەر لەخۆی دەگرێت.
- ✓ ئەم پرۆسەیە تەنها بۆ دوبارە هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ ئەنجام دەدرێت. بۆیە تەنها یەک پسولە دەدرێتە دەنگدەر، ئەویش تایبەت دەبێت بە هەڵبژاردنی سەرۆک شارەوانی گەورە شاری ئیستەنبوڵ.
- ✓ ئەو پسولەو کارتەی کە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی گەورە شارەوانی بەکاردەهێنرێن رەنگی (سپییە).
- ✓ لەم هەڵبژاردنەدا هەمان لیستی دەنگدەرانی ئیستەنبوڵ، کە پێشتر لە لایەن دەزگای باڵای هەڵبژاردنەکانەوە بۆ دەنگدان لە ٣١ی ئاداری ٢٠١٩ ئامادەکرابوو، دەنگی پێ دەدرێتەوە. واتە لیستی دەنگدەرانی ئیستەنبوڵ تازە نەکراوەتەوە. ئەوانەشی لە دوای ٣١ی ئاداری ٢٠١٩ەوە پێیان ناوەتە تەمەنی ١٨ ساڵییەوە بۆ لیستی نوێی دەنگدەران زیاد نەکراون.
- ✓ لە کارتی دەنگدانەکەدا ریزبەندی ناوی پارت و بەربژێرەکان بەپێی ئەو تیروپشکەی کە پێشتر کراوە دانراوە، تیایدا ناوی پارتەکان و هێماکانیان هەیە، لە کۆتایی کارتەکانیشدا ناوی کاندیدانی سەربەخۆ هەیە.
- ✓ دەنگدەران مۆرێك بۆ دەنگدان بەکاردەهێنن کە لەسەری نووسراوە (بەڵێ). جگە لە مۆر هیچ نوسینێك لەسەر کارتەکان نانوسرێت.
- ✓ کاتی دەنگدان لە کاتژمێر ٨ بەیانی دەستپێدەکات، تا ٥ ئێوارە بەردەوام دەبێت.
- ✓ لەگەڵ کۆتایهاتنی ماوەی دەنگدان، پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان دەست پێ دەکات و سندوقەکان دەکرێنەوە.

## پارتە بەشدارەكانی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ

لەم هەڵبژاردنەدا ٤ پارتی سیاسی توركیا بەرەسمی بەربژێریان دەستنیشانكردوە بۆ پۆستی سەرۆكی گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ، هاوكات ١٧ كەسایەتی وەک بەربژێری سەربەخۆ لەدەرەوەی پارتە سیاسیەكان خۆیان بۆ ئەو پۆستە پاڵاوتووە.

بەپێی ریزبەندی ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردنی توركیاش پارتە سیاسیە بەشدارەكانی ئەم هەڵبژاردنە بریتین لە (پارتی سەعادەت، پارتی نیشتیمان، پارتی كۆماری گەل، پارتی دادوگەشەپێدان + ١٧ كاندیدی سەربەخۆ).


دیارترین بەربژێری پارتەكانیش بریتین لە (نەجدەت غۆكنجار: پارتی سەعادەت، مستەفا ئیلكەر یوجل: پارتی نیشتیمان، ئەكرەم ئیمام ئۆغلۆ: جەهەپە، بینالی یەڵدرم: ئاكپارتی).



پارتە بەشدارەكانی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ - ٢٣ حوزەیرانی ٢٠١٩

هاوكات چەند پارتێكی سیاسی و گەورەی توركیا، هاوشێوەی هەڵبژاردنەكانی ٣١ ئازار بەربژێریان بۆ پۆستی سەرۆكی شارەوانی ئیستەنبوڵ نەبوو، لەنمونەی (مەهەپە، هەدەپە، ئیی پارت). بەڵام هەریەكەیان بەجیا پشتیوانی لە بەربژێرێكی پارتە هاوپەیمانەكەیان دەكەن. بۆ نمونە (مەهەپە) لەچوارچێوەی هاوپەیمانی كۆماردا پشتیوانی لە بەربژێری ئاكپارتی (بینالی یەڵدرم)، دەكات. لەلایەكی دیكەوە (ئیی پارت) لەچوارچێوەی هاوپەیمانی میللەتدا پشتیوانی لە بەربژێر جەهەپە (ئەكرەم

ئیمام ئۆغڵۆ) دەکات. هەرچی هەدەپەشە لەدەرەوەی هاوپەیمانێتی میللەت، ئەمجارە بەشێوەیەکی تارادەیەک ئاشکرا بڕیاریداوە پشتیوانی لە (ئیمام ئۆغڵۆ) بکات. بەمەبەستی شکستهێنان بەهاوپەیمانی کۆماری ئاکپارتی و مەهەپە لەئیستەنبوڵ، هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی ئازاری ئەمساڵ.





نمونەی کارتی دەنگدانی هاوڵاتیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ لە ٢٣ حوزەیرانی ٢٠١٩

## ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ ٣١ ئازاری ٢٠١٩

هەڵبژاردنەکانی ٣١ ئازاری ٢٠١٩، بۆ سەرۆکی گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ، کێبرکێیەکی بەهێزی بەخۆیەوە بینی لەنێوان (بیناڵی یەڵدرم) و (ئەکرەم ئیمام ئۆغڵۆ)دا. لەدوای بەرێوەچونی پرۆسەکەو دەرکەوتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ، (ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو)ی بەربژێری جەهەپە، ٤ملیۆن و ١٧١ هەزار و ١١٨ دەنگی بەدەستهێنا، بەرامبەر بە بەرێژەی ٤٨.٨٠٪ی دەنگەکان. لەبەرامبەردا بەربژێرەکەی ئاکپارتی (بیناڵی یەڵدرم)، ٤ملیۆن و ١٤٩ هەزارو ٦٥٦ دەنگی بەدەستهێنا، بەرامبەر بەرێژەی ٤٨.٥٪ی دەنگەکانی ئیستەنبوڵ. بەپێی ئەم ئەنجامەش دەرکەوت کە (ئەکرەم ئیمام ئۆغڵۆ) بەجیاوازی تەنها ٢١ هەزار و ٤٦٢ دەنگ بووەتە براوەی هەڵبژاردنەکان و سەرۆکی گەورە شارەوانیی ئیستەنبوڵ. هاوکات سێ کاندیدەکەی دیکەی (پارتی چەپی دیموکرات، پارتی سەعادەت، پارتی

تورکیای سەربەخۆ) توانیان تەنها ١٦١ هەزارو ٣٥٥ دەنگ کۆبکەنەوە، کەبەرامبەر بوو بەرێژەی ١.٨٩٪ دەنگەکانی شارەوانی ئیستەنبوڵ.

سەرکەوتنی جەهەپە بەسەر ئاکپارتیدا ماناو دەلالەتی زۆری هەبوو، بەتایبەت لەرویی سیاسی و ستراتیژییەوە، بەو پێیەی لەدوای ١٧ ساڵ ئاکپارتی دەسەڵاتی یەکەمی شارەوانی ئیستەنبوڵی لەدەستدا. لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی پشتگیری و دەنگی دەنگدەرانی کوردو هەدەپەوە، بەربژێرەکەی جەهەپە، شکستی دوچاری بەربژێرەکەی ئاکپارتی کرد.



## چۆن بریاردرا بە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ ؟

دوای تێپەربونی دوهەفتە بەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٣١ ئازاری ٢٠١٩ی تورکیاو دەرکەوتنی ئەنجامە بەراییەکان. ئێوارەی رۆژی چوارشەممە ١٦ نیسانی ٢٠١٩ ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا، بە فەرمی بەڵگەنامەی دەستبەکاربونی بەخشییە (ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ)، بەربژێری سەرکەوتوی جەهەپە بۆ گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ.

دواتر ئیمام ئۆغلو بەیاوەری لایەنگرانی پارتەکەی و بەشێک لەخەڵکی ئیستەنبوڵ چووە نێو باڵەخانەی گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ و لە رێورەسمێکدا ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی لەگەڵ (مەولود ئویساڵ) سەرۆکی پێشوی شارەوانی ئیستەنبوڵ کرد.

لەماوەی ئەو دوو هەفتەی دوای بەرێوەچونی هەڵبژاردنەکان، ئاکپارتی گشت رێوشوێنێکی گرتە بەر لەپێناو دەستبەردارنەبونی لە شارەوانی ئیستەنبوڵ، لەوپێناوەشدا چەندین تانەی نائاسایی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ئیستەنبوڵدا، لەو چوارچێوەیەشدا ژمارەیەکی زۆر لەسندوقەکانی دەنگدانی ئیستەنبوڵ جارێکی دیکە هەلاوێرکرانەوەو دەنگەکانیان ژمێردرایەوە. بەڵام ئەنجامەکان گۆرانکارییان بەسەردا نەهات. دۆخەکە بەو جۆرە بەردەوام بوو، تا ئەوەی ئاکپارتی داوای لە ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردنەکان کرد بۆ دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی سەرۆکی شارەوانی ئیستەنبوڵ. بەڵام لەوکاتەدا ئەنجومەنی باڵا رەتیکردەوە، لەبەرامبەردا مۆری شارەوانی ئیستەنبوڵ بەخشرایە (ئیمام ئۆغڵۆ)، بەم شێوەیە  کاندیدە سەرکەوتوەکەی جەهەپە، وەک براوەی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ دانیپیادانرا.

سەرەرای دەستبەکاربونی (ئەکرەم ئیمام ئۆغڵۆ) لە پۆستی سەرۆکی گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ، بەڵام هێشتا ئاکپارتی ئامادە نەبوو دەستبەرداری ئیسەتنبوڵ ببێت. ئەوەبوو دوای ٣٦ رۆژ لە هەڵبژاردنەکان، بەهۆی فشارە بەردەوامەکانی ئاکپارتی و ئەردۆغانەوە، ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا، بە زۆرینەی دەنگی ٧ ئەندام بەرامبەر دەنگی ٤ ئەندامی دامەزراوەکە، بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئەنجامەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی ئیستەنبوڵ و دیاریکردنی رۆژی ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٩ بە رۆژی دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی ئیستەنبوڵ.

ڕۆژێک دوای دەرچونی بڕیارەکەی ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بە فەرمانی وەزیری ناوخۆی تورکیا، (عەلی یەرلی قایا) والی ئیستەنبوڵ لەجێگەی (ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ) بە وەکالەت دانا، بە سەرۆکی شارەوانی ئیستەنبوڵ، تا ڕۆژی ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنەکە.

ئاشکرایە دەرکردنی ئەم بڕیارە لەلایەن کۆمسیۆنەوە پەیوەست بوو بە فشارە بەردەوامەکانی ئاکپارتییەوە. دەسەڵاتدارانی ئاکپارتیش پاساو هۆکاری ئەم بڕیارەیان بۆ ئەوە گێڕایەوە کە کۆمسیۆن دوای لێکۆڵینەوەکانی گەیشتوەتە ئەو ئەنجامەی کە فێڵێکی ڕێکخراوەیی لەسەر سندوقەکانی ئیستەنبوڵ کراوە، بەهۆیەوە ویست و ئیرادەی زیاتر لە ١٥ هەزار دەنگدەری ئاپارتی پێشێلکراوە. ئەوەش لەڕێگەی کاربەدەستانی نێو بنکەکانی دەنگدانی چەند ناوەندو بازنەیەکی ئیستەنبوڵ، ئەو کاربەدەستانەش پەیوەندییان بە بزوتنەوەکەی گولەنەوە هەبووە، هەر ئەمەش هۆکار بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکان و دەرکردنی ئەم بڕیارە.

ئەردۆغان لە وتارێکیدا بۆ ئەندام پەرلەمانانی پارتەکەی کە لە باڵەخانەی ناوەندیی ئاکەپە لە میانی بەربانگێکدا لەم بارەیەوە گوتی" کە پێویستە بەباشی بۆ خەڵک ڕونبکرێتەوە کە بۆچی هەڵبژاردنەکە دووبارە دەکرێتەوە". گوتیشی "ساڵی پار لە مانگی ئازاردا کۆمسیۆن بڕیارێکی دەرکرد، کە مەرجە سەرۆکی بنکەکانی دەنگدان و یەکێک لە ئەندامانی بنکەکانیش فەرمانبەری دەوڵەت بن، بەڵام لە کۆی ٦٢ هەزار چاودێری سندوق لە ئیستەنبوڵ، ٢١ هەزاریان فەرمانبەری حکومیی نەبون. بەڵکو ئەوانە فەرمانبەری بانک و خوێندنگا نمونەییەکان بون، ئەوەش هێندەی تر گومانەکانمانی زیاد کرد".

ئاماژەشی بۆ ئەوەکرد " کە ٦٢ هەزار ئەندامی بنکەکان، ٢٠ هەزار هەڵەیان کردووە، من ئەمەش بە پێشێلکاریی ناو دەبەم، بەڵام کێشەکە تەنها ئەوە نییە. چونکە ٥هەزار و ٣٨٨ کارتی دەنگدان بەبێ مۆر دەنگی لەسەر دراوە، جگە لەوەش ٦٩٤ لیستی بێواژۆ هەژمار کراوە، کە ٢١٤یان هەر بۆش بوون. ئەو هەڵانە وایان کردووە گومان لە ٤٢ هەزار دەنگ بکرێت، چونکە ١٢٣ سندوقی زیادە هەبوون". دواجار گوتی "هەموو ئەم ژمارانەی ئاماژەم بۆ کردن، ژمارەی فەرمیی کۆمسیۆنن و لەوانەوە وەرمانگرتون، هەربۆیە لەو چوارچیوەیەدا بڕیاری دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی ئیستەنبوڵ، بە هەنگاوێکی گرنگ دەبینین، بۆ بەرزکردنەی ئاستی دیموکراسی لە تورکیادا".

ئەمە یەکەمجاریش نییە کە ئاکپارتی لەکاتی شکستهێنانی لەهەڵبژاردنەکاندا پەنا دەباتە بەر ڕێکاری دوبارە کردنەوەی هەڵبژاردنەکان، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ٧ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٥، ئۆپۆزسیۆن ئەنجامێکی بەرچاوی بەدەستهێنا، لەبەرامبەردا ئاکپارتی ٦٨ کورسی پەرلەمانی لەدەستداو نەیتوانی زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، بۆ پێکهێنانی حکومەت. ئەوەبوو لەدوای چوار مانگ لە١ی تشرینی دووەمی٢٠١٥دا هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمان ئەنجامدرایەوە، بەو ڕێگەیەش ئاکپارتی کورسیەکانی لە ٢٥٨ کورسیەوە، بۆ ٣١٧ کورسی زیاد کرد. بەم جۆرە ئاکپارتی ئامانجەکەی پێکاو جارێکی دیکە بەتەنها حکومەتی لە تورکیادا پێک هێنایەوە.

لە ئێستاشدا ئاکپارتی دەخوازێت هەمان سیناریۆی ١ تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٥ دوبارەبکاتەوەو، تا لە ڕێگەی دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵەوە شکست بە جەهەپە بهێنێت و سەرۆکایەتی ئەو شارەوانییە گرنگەی تورکیا بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی.

## کاردانەوەی بڕیاری دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی ئیستەنبوڵ

بڕیاری دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ، لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی تورکیا، ڕوبەڕوی کاردانەوەو ڕەخنەی زۆر بویەوە. لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیا هەریەکە لە (جەهەپە و هەدەپەو ئیی پارتی)، بڕیارەکەیان بە نایاسایی و دژە دیموکراسی لەقەڵەمدا. هەریەك لە (پارتی چەپی دیموکرات و پارتی کۆمۆنیست ...هتد)یش، پشتیوانی خۆیان بۆ (ئیمام ئۆغڵو) دوپاتکردەوەو ڕایانگەیاند "لەهەڵبژاردنەکانی ٢٣ ی حوزەیراندا کاندیدیان نابێت".

لەسەر ئاستی شەقامیش بەشێک لەهاوڵاتیانی ئیستەنبوڵ، دوای دەرچونی بڕیارەکە دەستیانکرد بە خۆپیشاندان، بۆ دەربڕینی نارەزایەتیان دژی بڕیارەکەی کۆمسیۆن.

لە یەکەم کاردانەوەشدا (کەمال کلێچدارئۆغڵو) سەرۆکی جەهەپە ڕایگەیاند "ئەمەی ڕویداوە تاوانێکی یاساییە، ئاکپارتی دوای بێهیوابونی لە گشت ڕێشوێنەکانی کۆمسیۆن بۆ گۆڕینی ئەنجامەکان ئەم بڕیارەی دەرکرد". (موحەڕەم ئینجە)، سەرۆکی فراکسیۆنی

جەهەپەش رایگەیاند"ئاشکرایە ئەندامانی ئەنجومەنی باڵا، لەسەرو خۆیان فەرمانیان پێکراوەو ئەوانیش جێبەجێیان کردووە".
(ئۆنۆرسال ئەیدگۆزال)ی پەرلەمانتاری جەهەپەش دەڵێت"دیارە بۆ لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەوە سەرکەوتن بەسەر پارتی دەسەڵاتداردا، شتێکی نایاساییە، ئەم بریارەش ئاماژەی دیکتاتۆریەتە لە تورکیادا".
لەلایەکی دیکەوە، هەدەپە رایگەیاند"کۆمسیۆن بەفشاری دەسەڵات بریارێکی نایاسایی دەرکردوە، کە یەک زەرە دیموکراتیەتی تێدا نییە".
(سێزای تەمەللی) هاوسەرۆکی هەدەپەش رایگەیاند "کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی تورکیا بووەتە هاوئاوازی ئەکەپەو مەهەپەو ڕەوایەتیی خۆی لەدەستداوە".
هەریەک لە (عەبدوڵا گول و ئەحمەد داودئۆغڵو)ش، بەهەمان شێوە لە بارەی بڕیارەکەی کۆمسیۆن هاتنە دەنگ و لەرێی تویتەرەوە رای خۆیان دەربری. (داودئۆغڵو) نوسیویەتی"بریارەکەی لیژنەی باڵا پێشێلی یاساو عورفە نێودەوڵەتیەکانە، روداوەکانی پاش هەڵبژاردنی ٣١ی ئازارو هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی ئیستەنبوڵ ڕێگە دەکاتەوە بۆ تێکشکاندنی بەهاکانی تورکیا".
(عەبدوڵا گول)یش نوسیویەتی"پێشتر لە ساڵی ٢٠٠٧ لە ئەنجامی بریارە ناهەقییەکەی دادگای دەستوری هەستم بە چی کردبێت، دوای ئەم بڕیارە هەمان هەستم بۆ دروست بوو. جێی شەرمە، ئێمە یەک تۆز بەرەو پێشنەچووین".
لەمبارەیەشەوە (ئێرینچ ساغکان)، سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی ئەنقەرە لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی (DWی تورکی) دەڵێت "تێبینییەکان ئەکەپە نابەجێن سەبارەت بەوە کە هەندێک لە چاودێرانی سندوقەکان فەرمانبەری حکومەت نین، چونکە بەپێی مادەی ٢٩٨ ی یاسای هەڵبژاردن بە ئاشکرا دیارە کە فەرمانبەران و چاودێرانی سندوقەکان دەبێت کێ بن و بە چ پێوەرێک دابنرێن. بۆیە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئەنجامانە، لەگەڵ یاساو ویژدان و هەڵسەنگاندی خەڵکدا نایەتەوە. ئەوەی رودەدات بریتیە لە پیشێلکردنی یاساو ئەنجامدانی کودەتا بەسەر دەنگی هاوڵاتیاندا".
لەسەر ئاستی جیهانیش رۆژنامە جیهانییەکانی بەم جۆرە باسیان لە بڕیارەکەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا کرد.

❖**فینانشاڵ تایمز** "بڕیارەکەی کۆمسیۆنی باڵای تورکیا بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنە خۆجێیەکانی ئیستانبوڵ سەرتاسەری وڵاتی هەژاند. لە پاش بڕیارەکەش، لیرەی تورکی بەرامبەر دۆلار ٣% ی نرخی لەدەستدا. ئەم بڕیارەش وەبەرهێنەران کە بە بڕی ٨٥٠ ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لە تورکیادا کردووە، توشی دوودڵی و نیگەرانی کرد لە بارەی سەروەری یاسا و مافەکان لە نێو تورکیادا".

❖**واڵ ستریت جۆرناڵ** "تورکیا هەڵبژاردنەکانی ئیستانبوڵی هەڵوەشاندەوە کە ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە بردبوویەوە. لە کاتێکدا ئاکەپە دەڵێت ساختەکاری و فێڵ کراوە لە هەڵبژاردنەکاندا، ئۆپۆزسیۆن ئاکەپە بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەیەوێت هەژموونی خۆی بەردەوام بێت لە تورکیادا".

❖**نیویۆرک تایمز** "ئەو هەڵبژاردنی شارەوانییەی کە بوو بە دۆڕاندنێکی بچووککەرەوە بۆ ئەردۆغان، هەڵوەشایەوە. بەم شێوەیە بڕیارەکە ئەگەرەکانی نائارامی کۆمەڵایەتی و قەیرانێکی نوێی ئابووری زیادکرد".

❖**رۆژنامەی گاردیان** "تورکیا بۆ لێدان لە ئۆپۆزسیۆن، هەڵبژاردنەکانی ئیستانبوڵ دووبارە دەکاتەوە، دامەزراوەی هەڵبژاردنی تورکیا فەرمانی دووبارە کردنەوەی هەڵبژاردنەکانی ئیستانبوڵی دا لە پاش ئەوەی پارتەکەی رەجەب تەیب ئەردۆغان نارەزایەتییان لەسەر دۆراندنی ئیستانبوڵ دەربڕی".

سەرئەنجام بریارەکەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی تورکیا بۆ دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ، شەرعیەت و بێلایەنی کۆمیسیۆنی تورکیای خستە ژێر پرسیارەوە، چ لەلای پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا، چ لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەوروپی و جیهانی. هاوکات پەنابردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئیستەنبوڵ، ئاماژەیەکی مەترسیداربوو بۆ سەر پرسی دیموکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە تورکیادا. ئەم ئەزمونە ئاماژەیەکە بۆ ئەو راستیەی کە قبوڵکردنی شکست و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، تا ئەو کاتە قبوڵکراوە، کە پارتی دەسەڵاتدار شکست نەهێنێت، ئەگەر نا پەنابردنە بەر دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردن، لەسایەی حکومڕانی ئێستای تورکیادا، هەمیشە بژاردەیەکی کراوەو چاوەڕوانکراوە.

## لێکەوتە ئابورییەکانی دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ

لەگەڵ دەرچونی بریاری دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی ئیستەنبوڵ، راستەوخۆ بەهای لیرە لەبازارەکانی تورکیادا بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی. بەجۆرێک لەماوەی چەند کاژێرێکی دوای دەرچونی بریارەکە، لیرە بەرامبەر دۆلار ٣٪ ی بەهای لەدەستدا. بەم شێوەیەش نرخی سەد دۆلاری ئەمریکی بەرزبووەوە بۆ ٦١٥ لیرەی تورکی. ئەمەش تۆمارکردنی نزمترین ئاستی بەهای لیرە بوو لەماوەی حەوت مانگی رابردودا.

لەم بارەیەوە (ئاژانسی بلومبێرگ) راپۆرتێکی بڵاوکردوەتەوەو ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە بەهۆی بریارەکەی کۆمسیۆنەوە. لیرە دابەزینی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەجۆرێک بە بەراورد لەگەڵ رۆژێک بەر لەدەرچونی بریارەکە، لیرە بە رێژەی ٠.٩٤٪ دابەزینی بەخۆیەوە بینی. بلومبێرگ دەشڵێت "لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا، لیرەی تورکی بەرامبەر بە دۆلاری ئەمریکی بەرێژەی ١٥٪ بەهای دابەزیوە".

شارەزایانی بواری ئابوری تورکیاش پێشبینی دەکەن، هاوشانی کێشە سیاسیەکانی تورکیا، بەهای لیرە بەردەوام لەدابەزیندا بێت، ئەمەش هۆکار دەبێت بۆ بەرزبونەوەی نرخی کاڵاو شتومەک لە بازاڕەکانی تورکیادا، هاوکات بە گوێرەی ئامارێکیش تێکڕای هەڵاوسان لە مانگی نیساندا بۆ ٢٠.٤٪ بەرزبووەتەوە.

## گرنگی ئیستەنبوڵ لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا

ئیستەنبوڵ بە گەورەترین پارێزگای تورکیا دادەنرێت، لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە. بەپێی ئامارێکی دەزگای سەرژمێری تورکیاو سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەمانگی ئازاری ٢٠١٩دا بڵاوکراوەتەوە، شاری ئیستانبوڵ بەجەنجاڵترین شاری تورکیا دیاریکراوەو ژمارەی دانیشتوانی بە ١٥ ملیۆن ٦٧ هەزار ٧٢٤ کەس خەملاندووە. واتە ئیستەنبوڵ لە ئێستادا ١٨.٤%ی دانیشتوانی تورکیا لەخۆ دەگرێت. لەسەر ئاستی ئەوروپاش بە گەورەترین شاری ئەوروپا دادەنرێت لە ڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە.

روبەری ئیستەنبوڵ ٥٤٦١ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، روبەری وشکانییەکەی ٥٣٤٣ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، روبەری ناوەندی شاری ئیسەنبوڵ لە ١٨٣٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە پێک دێت.
ئەستەنبوڵ بەگەورەترین و گرنگترین ناوەندی ئابوری و پیشەسازی تورکیا دادەنرێت، چونکە ٢٠٪ دەستی کار بۆ تورکیا دەرەخسێنێت، نزیکەی ٢٢٪ بەرهەمی ناوخۆی تورکیا دابین دەکات، کە لەرێگەیەوە ٤٠٪ باج بۆ دەوڵەت کۆدەکاتەوە، لەروی پیشەسازیشەوە ٣٥٪ کۆی بەرهەمی پیشەسازی تورکیا بەرهەم دەهێنێت.
هاوکات ئیستەنبوڵ بە گرنگترین دەروازەی بازرگانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە دادەنرێت، بەگوێرەی ئامارێکی پەیمانگای ئاماری تورکیا، ئیستەنبوڵ ساڵانە نزیکەی ٥٠٪ شمەک هەناردەی دەرەوە دەکات و ٥٤٪ شمەکیش هاوردەی تورکیا دەکات.
هاوکات ئیستەنبوڵ لەسەر ئاستی جیهان لە ڕووی ئابوریەوە بە ٣٤ مین گەورەترین شاری جیهان دادەنرێت.
لەهەڵبژاردنەکانی تورکیاشدا ئیستەنبوڵ زۆرترین دەنگدەری تورکیا لەخۆی دەگرێت. لە هەڵبژاردنی ٣١ ئازاری ٢٠١٩دا، تەنها لە ئیستەنبوڵدا ١٠ ملیۆن و ٥٧٠ هەزارو ٩٣٩ کەس مافی دەنگدانیان هەبوو. لەو ژمارەیەش ٨ ملیۆن و ٨٦٦ هەزارو ٦٤٤ کەس بەشداربون و دەنگیاندا.
بەگشتی شارەوانی گەورەی ئیستەنبوڵ لەروی ئیدارییەوە پێک دێت لە ٣٩ شارەوانی و ناوچەی جیاواز، ٢٧ ناوچەشیان بە شاری تەواوەتی ناودەبرێن. ئەنجومەنی شارەوانی ئیستەنبوڵیش لە ٩٨ کورسی پێک دێت. لەروی جوگرافیاشەوە ئیستەنبوڵ دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای تورکیاوە، بەم هۆیەش ٢٥ شاری کەوتونەتە نێو کیشوەری ئەوروپاو ١٤ شاری دیکەشی دەکەونە نێو کیشوەری ئاسیاوە.
یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئیستەنبوڵ بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ئەم پارێزگایە، بە پڕ رەنگترین پارێزگای تورکیا دادەنرێت، بەو پێیەی زۆرترین پێکهاتەو رەگەزو نەتەوەو ئاین و ئاینزای جیاوازی تورکیا لەخۆی دەگرێت. لەبەر ئەم هۆیەش زۆرجار ئیستەنبوڵ ناودەبرێت بە (تورکیای بچوک).
ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی هەر لە گەورەترین پارتی سیاسی تورکیاوە تا بچووکترین پارت، لە نێو ئیستەنبوڵدا، پێگەی جەماوەرییان هەبێت. بۆیە هەمیشە لە

هەڵبژاردنەکاندا ئیستەنبوڵ دەبێتە چەقی ململانێی هەڵبژاردنی پارتە سیاسییەکانی تورکیا.

ئەم گرنگییەی ئیستەنبوڵ لەهەڵبژاردنەکاندا، پاشخانێکی مێژوویشی هەیە، بۆیە بەردەوام لە تورکیادا وتەیەکی باو هەیە لەبارەی گرنگی ئیستەنبوڵ لەهەڵبژاردنەکاندا کە دەڵێت "ئەوەی ئیتسنبوڵ بباتەوە، تورکیاش دەباتەوە، ئەوەی ئیستەنبوڵیش بدۆڕێنێت تورکیا دەدۆڕێنێت". یاخود دەڵێن "کێ فەرمانرەوای ئیستەنبوڵ بکات، فەرمانرەوای تورکیاش دەکات". بێگومان دروستبونی بونی ئەم دیدو قەناعەتە لەخۆرایی نییەو لە ئەزمونی هەڵبژاردنەکانی رابردوی تورکیادا واقیعی بونی ئەم بۆچونە سەلماوە. بەو پێیەی هەر پارتێک ئیستەنبوڵی لە هەڵبژاردنی شارەوانیدا بردبێتەوە، دواتر توانیویەتی حکومڕانی تورکیا بگرێتە دەست. بۆ نمونە لە هەڵبژاردنە شارەوانییەکانی ساڵی ١٩٦٣ی تورکیاوە تا ئێستا، هەرپارتێکی سیاسی توانیبێتی ئیستەنبوڵ بباتەوە، دواتر لەهەڵبژاردنە گشتییەکاندا حوکمی تەواوی تورکیای کەوتوەتە دەست. لەساڵی شەستەکاندا ئەم ئەزمونە بەسەر پارتی (عەدالەت)دا جێبەجێ بوو. لەساڵی حەفتاکاندا ئەم ئەزمونە بۆ (پارتی گەلی کۆماری- جەهەپە) دوبارە بویەوە. ساڵی هەشتاکانیشدا بۆ (پارتی دایک). لەساڵی ١٩٩٤یشدا (پارتی رەفا) لەهەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا توانی بەسەرکردایەتی (رەجەب تەیب ئەردۆغان) شارەوانی ئیستەنبوڵ بباتەوە، دواتر دوای ساڵێک پارتی رەفا توانی هەڵبژاردنە گشتییەکانی تورکیا بباتەوەو (نەجمەدین ئەربەکان)ی سەرۆکی پارتی رەفا بوو بە سەرۆک وەزیرانی تورکیا. جارێکی دیکە لەساڵی ٢٠٠٢ پارتی دادو گەشەپێدان هەڵبژاردنی شارەوانی تورکیای بردەوەو لەوکاتەشەوە تا ئێستا بۆ ماوەی ١٧ ساڵە، ئاکپارتی بەتەنها فەرمانرەوای تورکیا دەکات.

## ئاکپارتی بۆ دەستبەرداری ئیستەنبوڵ نابێت؟ گرنگی ئیستەنبوڵ بۆ ئاکپارتی چییە؟

جیا لەهەموو پارتەکانی دیکەی تورکیا، بۆ خودی ئەردۆغان و ئاکپارتی، ئیستەنبوڵ گرنگی تایبەتی هەیە، چونکە ئەردۆغان لەرێی بردنەوەی سەرۆک شارەوانی ئیستەنبوڵ لەساڵی ١٩٩٤ ەوە درستی دایە سەرکەوتنەکانی، تا گەیشتن بە پلەی سەرۆک کۆماری تورکیا. هەر لەبەر قورسی کێبرکێی هەڵبژاردنی سەرۆکی گەورە

شارەوانی ئیستەنبوڵ، ئەردۆغان نزیکترین هاورێی خۆیی و دووەم بەهێزترین کەسایەتی ئاکپارتی (بینالی یەڵدرم)ی بۆ سەرۆکی گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ بەربژێر کرد.

دوایی بریاری دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ، ماڵپەری (بی بی سی) راپۆرتێکی لەژێر ناونیشانی (بۆچی ئەردۆغان دەجەنگێت بۆ هێشتنەوەی ئیستەنبوڵ لەدەستی پارتەکەیدا؟) بڵاوکردەوە. لە راپۆرتەکەدا بەگشتی باس لە گرنگی ئیستەنبوڵ کراوە، بەتایبەتیش گرنگی ئەم پارێزگایە بۆ ئاکپارتی، بەدیاریکراویش لەروی ستراتیجی و ئابورییەوە.

لە راپۆرتەکەدا هاتووە، ئیستەنبوڵ دڵی پیشەسازی تورکیایە، بەو پێیەی ٢٩٪ی کۆی بەرهەمی پیشەسازی تورکیای تێدا بەرهەمدێت. هاوکات ئیستەنبوڵ ٣١.٢٪ی کۆی داهاتی گشتی تورکیاش پێکدێنێت، ئەمەش بەرامبەرە بە ٨٥١ ملیار دۆلار. بەراورد بە ئەنقەرەی پایتەخت، کەتەنها ٩٪ی کۆی داهاتی نەتەوەیی تورکیا پێکدێنێت.

بودجەی شارەوانی ئیستەنبوڵ لە ساڵی ٢٠١٨دا گەیشتوەتە نزیکەی ١٠ ملیار دۆلار، ئەم بڕەش بەرامبەرە بەبودجەی ساڵانەی وەزارەتی بەرگری تورکیا. هاوکات بە گوێرەی ئامارێکی دامەزراوەی ئاماری تورکیا لە ساڵی ٢٠١٧، داهاتی تاک بەرزترین بوە لە تورکیادا، بەجۆرێک داهاتی تاک لە ئیستەنبوڵ زیاتر لە ٦٥٠ هەزار لیرە بووە، لە کاتێکدا تێکرای داهاتی تاك لە باکوری کوردستان لە ١٤ هەزار لیرە تێپەری نەکردوە.

لەبەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا باس لە گرنگی و بایەخی ئیستەنبوڵ کراوە بۆ ئاکپارتی، بۆ نمونە شارەوانی ئیستەنبوڵ لە ساڵی ٢٠١٨دا نزیکەی ١٥٠ ملیۆن دۆلاری بەخشیوەتە رێکخراو دامەزراوەکانی نزیك لە ئاکپارتی و کەسانی خێزانەکەی ئەردۆغان. راپۆرتەکە دەشڵێت "لەو کاتەوەی ئاکپارتی ئیستانبوڵی گرتوەتە دەست، سەرجەمی گرێبەستە گەورەو قازانج دارەکانی ئەو شارە بەخشراونەتە ئەو کۆمپانیاو سەرمایەدارانەی کە لە ئاکپارتی و حکومەتەوە نزیکن. بەم هۆیەش هەزاران لایەنگرو ئەندامی ئاکپارتی، جیا لەهاوڵاتیانی ئاسایی هەلی کاریان بۆ رەخساوە". لەلایەکی دیکەوە رۆژنامەی (واشنتۆن پۆستی ئەمریکی)ش دەڵێت "پرۆژە گەورەکانی ئیستەنبوڵ کە بەهاکانیان بە ملیاران دۆلار دەخەملێدنرێت، لەنمونەی (فرۆکەخانەی نوێی

ئیستەنبوڵ و پردی سێیەمی ئیستەنبوڵ) دراونەتە کۆمپانیاکانی نزیک لە ئەردۆغان، لەنمونەی کۆمپانیاکانی (کالیۆن و کۆلین و لیماك).

کەواتە ئیستەنبوڵ، جیا لەگرنگی سیاسی، لەروی ئابورییەوە بوەتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی مادیی بۆ ئاکپارتی، هەر ئەمەش هۆکارە بۆ سوربونی ئاکپارتی و ئەردۆغان بۆ بەئاسانی رادەست نەکردنی حکومڕانی ئەو شارە بە پارتە رکابەرەکانی ئاکپارتی.



## رۆڵی کوردو هەدەپە لەهەڵبژاردنی سەرۆک شارەوانی ئیستەنبوڵدا

بەهەمان شێوەی هەڵبژاردنی رابردو، هەدەپە ئامانجیەتی رۆلی سەرەکی ببینێت لە شکستهێنان بە هاوپەیمانی کۆماری ئاکپارتی و مەهەپە.

بەڵام ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا خاڵی جیاوازە بۆ هەدەپە، بەراورد بەهەڵبژاردنی پێشوو، ئەوەیە کە ئەمجارە هەدەپە زۆر بەراشکاوانەتر لە هەڵبژاردنی رابردوو، پشتگیری بۆ کاندیدەکەی جەهەپە (ئیمام ئۆغلۆ) دەربریوە، سەرکردەکانی هەدەپە، لە سەلاحەدین دەمیرتاشەوە تا هاوسەرۆکانی ئێستای هەدەپە، بەئاشکرا داوایان لەدەنگدەرانی کوردو هەدەپە کردوە کە لە ئیستەنبوڵ، دەنگ بدەنە ئیمام ئۆغلۆ، دژ بە بینالی یەڵدرم.

هەدەپە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا تەنها لە ئیستەنبوڵ ١ ملیۆن و ١٩٥هەزارو ٦٠٢ دەنگی بەدەستهێنابوو، بەوئەنجامەش توانی ١٢ کورسی پەرلەمانی تەنها لە ئیستەنبوڵ بەدەستبهێنێت. ئەم پێگەو قورساییەی هەدەپە لەهەڵبژاردنی ٣١ ئازاری ٢٠١٩ی شارەوانی ئیستەنبوڵدا توانی رۆڵی یەکلاکەرەوە ببینێت، لەسەرخستنی جەهەپەو شکستهێنان بە هاوپەیمانییەکەی ئاکپارتی و مەهەپە.

## هەدەپە چۆن جەهەپەی سەرخست؟

جەهەپە لەدواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیادا، لە ئیستەنبوڵ خاوەنی ٢ ملیۆن و ٤٩٥ هەزارو ٩٩٦ دەنگ بوو، بەرامبەر بەرێژەی ٣٦.٣٪ دەنگەکان. بەڵام لە هەڵبژاردنی ٣١ ئازاری شارەوانی ئیستەنبوڵدا، دەنگەکانی زیادی کرد بۆ ٤ ملیۆن و ١٧١ هەزارو ١١٨ دەنگ، واتە ١ ملیۆن و ٦٧٥ هەزارو ١٢٢ دەنگی زیادی کرد.

بێگومان ئەم زیادبونەش دەگەڕێتەوە بۆ پشتیوانی دەنگدەرانی هەدەپە لە بەربژێرەکەی جەهەپە، بەو پێیەی هەدەپەش خاوەنی ١ ملیۆن و ١٩٥ هەزارو ٦٠٢ دەنگی ئیستەنبوڵ بوو، ئەمەش بەرامبەربوو بە رێژەی ١٢.٥٪ دەنگەکانی ئیستەنبوڵ. هەدەپە سەرەرای ئەم ژمارە زۆرەی دەنگدەر بەڵام لەهەڵبژاردنی ٣١ ئازاردا کاندیدی بۆ سەرۆک شارەوانی ئیستەنبوڵ دیاری نەکرد. ئەمەش وەک تاکتیکێکی هەڵبژاردن لەچوارچێوەی ستراتیژی شکستهێنان بە (هاوپەیمانی کۆماری ئاکپارتی و مەهەپە). لەو پێناوەی دەنگدەرانی کورد و هەدەپە لە ئیستەنبوڵ دەنگەکانیان ببەخشنە کاندیدەکەی جەهەپە دژ بەکاندیدەکەی ئاکپارتی.

سەرئەنجام ئەم تاکتیکەی هەدەپە ئامانجی خۆی لە پارێزگاکانی رۆژئاوای تورکیا پێکاو زۆرینەی دەنگدەرانی هەدەپە لە ئیستەنبوڵ و پارێزگاکانی دیکەی وەک (ئەنقەرە، ئیزمیر، ئەنتاڵیا، ئەدەنە)، دەنگەکانی خۆیان خستە پاڵ جەهەپەو سەرکەوتنیان پێ بەخشین. بەم شێوەیە (ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ) بە پشتیوانی دەنگدەرانی هەدەپەو تویتەکانی (سەلاحەدین دەمیرتاش) لە زیندانی ئەدرنەوە، پۆستی سەرۆکی گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵی بەدەستهێنا.

## ئەمجارەش دەنگی کورد یەکلاکەرەوە دەبێت؟

کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی سیاسەتی ئابوری تورکیا (TEPAV)، راپۆرتێکی لەبارەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئیستەنبوڵ لە ٣١ ئازاری رابردوو بڵاوکردەوە. بەپێی داتاکانی ئەم کۆمەڵەیە، لە ئیستەنبوڵدا ١٠ ملیۆن و ٥٧٠ هەزار و ٩٣٩ دەنگدەر هەبووە. لەو ژمارەیەش ٨ ملیۆن و ٨٦٦ هەزار و ٦١٤ کەس دەنگیانداوە، واتە ١ ملیۆن و ٧٠٤ هەزار و ٣٢٥ دەنگدەر بەشداریان نەکردوە. بەم جۆرەش ئاستی بەشداری کردن لە ئیستەنبوڵ بەرێژەی ٨٣.٨٨٪ بووە، ئاستی بەشداری نەکردنیش ١٦.١٢٪ بووە.

لە راپۆرتەکەشدا هاتووە، کورد لەئیستەنبوڵدا خاوەنی ١ ملیۆن و ٨١٨ هەزارو ٥٤٢ دەنگدەرە، لەو ژمارەیەش هەدەپە خاوەنی ١ ملیۆن و ١٩٥ هەزار و ٦٠٢ دەنگدەرە، ئەمەش بەرامبەرە بەرێژەی ١٢.٧٪ دەنگەکانی ئیستەنبوڵ. لەهەڵبژاردنەکەی ٣١ ئازاری ٢٠١٩شدا، لەو ژمارە دەنگدەرەی هەدەپە ٩١١ هەزار دەنگدەریان لەئیستەنبوڵ دەنگیان بە ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ داوە، لەبەرامبەردا نزیکەی ٤ هەزار دەنگدەری دیکەی هەدەپە دەنگیان داوەتە بینالی یەڵدرم. ئەمەش دەکاتە ٩١٥ هەزار دەنگدەر، بەم جۆرەش بێت، نزیکەی ٢٨٠ هەزار و ٦٠٢ دەنگدەری هەدەپە لەهەڵبژاردنی رابردودا بەشداریان نەکردوە، یاخود دەنگیان بە ئیمام ئۆغلۆ و یەڵدرم نەداوە.

(پەروین بۆڵدان) هاوسەرۆکی هەدەپە، لە یەکەم رۆژی جەژندا لە جۆلەمێرگ لەبەردەم جەماوەری پارتەکەیدا لەبارەی ئەو دەنگدەرانەی هەدەپە کەبەشداریان نەکردوە گوتی"ئەو ٢٠٠ هەزار دەنگدەرەی دەنگیان نەداوە، لەم هەڵبژاردنەدا دەیانبەینە سەر سندوقەکانی دەنگدان".

کەواتە لەئەگەری بەشداربونی ٥٠٪ ئەو دەنگدەرانەی کوردو هەدەپەو لایەنەکانی دیکە، کە لە هەڵبژاردنی رابردودا بەشداریان نەکردوە، بێگومان کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دروست دەبێت. بەتایبەت کە دەرکەوت لە هەڵبژاردنی رابردودا (ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ) تەنها بەجیاوازی ٢١ هەزارو ٤٦٢ دەنگ بوو بە براوەی هەڵبژاردنەکان و شکستی بەرکابەرەکەی (بینالی یەڵدرم) هێنا. کەواتە دەنگدەرانی کورد رۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینن لەم هەڵبژاردنەدا، وەک چۆن لەهەڵبژاردنی پێشودا رۆڵیان هەبوو لەسەر یەکلاکرنەوەی چارەنوسی پێنج گەورە شارەوانی تورکیا (ئیستەنبوڵ، ئەنقەرە، ئیزمیر، ئەنتاڵیاو، ئەدەنە)، لەبەرژەوەندی جەهەپە.

سەرئەنجام چاوەروان دەکرێت، رکابەرەیەکی بەهێز لەنێوان (ئیمام ئۆغلۆ و بینالی یەڵدرم)دا روبدات. لێرەشەوە زۆرێک پێیان وایە ئەوانەی کەلە هەڵبژاردنی رابردودا نەچونەتە سەر سندوقەکانی دەنگدان، ئەمجار بەبەشداربونیان ئەنجامی هەڵبژاردنەکە یەکلایی دەکەنەوە. بەتایبەت دەنگدەرانی کورد. بە واتایەکی دیکە ئەو لایەنەی بتوانێت زۆرترین دەنگدەر بباتە سەر سندوقەکانی دەنگدان، بێگومان براوەی هەڵبژاردنەکەی ٢٣ حوزەیرانی ئیستەنبوڵ دەبێت.

## ئاکپارتی دەتوانێت دەنگدەرانی کوردو هەدەپە لە ئیستەنبوڵ راو بکات ؟

دوایی بریاردانی ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنی ئیستەنبوڵ ئاکپارتی بەئاراستەی راکێشانی هاوسۆزی و پشتیوانی دەنگدەرانی کورد بەتایبەت لە ئیستەنبوڵ، دەستی کرد بە کۆمەڵێک جموجۆڵ و مانۆری سیاسی بەئاراستەی پرسی کورد لەتورکیادا.

لەدیارترین جموجۆڵ و هەڵویستەکانی ئەم دواییەی ئاکپارتی بەئاراستەی کورد لەتورکیا خۆی بینییەوە لە:

١. بڵاوکردنەوەی یەکەم پەیامی ئۆجالان دوای هەشت ساڵ گۆشەگیری

رۆژی ٦ ئایاری ٢٠١٩ دەستەی پارێزەرانی (عەبدوڵا ئۆجالان) لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا لە ئیستەنبوڵ رایانگەیاند "رۆژی ٢ی ئایاری ٢٠١٩، زیندانی ئیمراڵی چاویان بە (عەبدوڵا ئۆجەلان) رێبەری زیندانکروای پارتی کرێکارانی کوردستان کەوتووە" هاوکات و پەیامێکی (ئۆجالان)یشیان بۆ رای گشتی خوێندەوە. ئەمەش بوو بە یەکەم دیداری نێوان ئۆجالان و پارێزەرەکانی لەدوای ٨ ساڵ لە قەدەغەی دیداری نێوانیان. دوای بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی ئۆجەلان، ئێوارەی هەمان رۆژ ٦ ئایار بەچەند کاتژمێرێک، لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا بریاریدا بە هەڵوەشاندنەوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ئیستەنبوڵ و دیاری کردنی رۆژی ٢٣ حوزەیرانی ئەمساڵ بەرۆژی دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ.

هاوکات بونی ئەم دوو روداوە لەیەک رۆژدا، خوێندنەوەی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێنا. بەتایبەت پەیوەست بە پرسی کورد لە تورکیادا. زۆرێک لە بۆچونەکان کۆک بون لەسەر ئەوەی هاوکات بونی ئەم دوو روداوە بەرێکەوت نەبووە. بەم هۆکارەش بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی (ئۆجالان)یان لەم کاتەدا، وەک تەکتێکێکی هەڵبژاردنی

دەسەڵاتدارانی ئاکپارتی لێکدایەوە، بۆ کارکردەنە سەر هاوسۆزی دەنگدەرانی کوردی ئیستەنبوڵ، لەبەرژەوەندی ئاکپارتی.

٢. بەفەرمی هەڵگرتنی قەدەغەی سەر ئیمراڵی

رۆژی ١٦ ئایاری ٢٠١٩ وەزیری دادی تورکیا (عەبدولحەمید گیول)، رایگەیاند "قەدەغەی دیداری سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان و پارێزەرانی هەڵگیراوە، لێرە بەدواوە پارێزەرانی دەتوانن سەردانی ئیمراڵی بکەن و چاویان پێی بکەوێت".

دواتر ئۆجالان لە رێکەوتی ٢ ئایارەوە تا ٥ حوزەیران، چەند جارێک لەلایەن پارێزەرەکانیەوە سەردانیکرا، لەجەژنی رەمەزانیشدا رێگە بەئەندامانی خێزانەکەی درا سەردانی بکەن، لەماوەی ئەم مانگەی رابردوشدا ئۆجالان تا رێکەوتی ٢٠ حوزەیران پێنج پەیامی لەرێگەی پارێزەرەکانیاوە بڵاوکردوەتەوە، دواهەمین پەیامیشیان بۆ دەنگدەرانی هەدەپە بوو کەداوای لێکردن لەهەڵبژاردنەکاندا هێڵی سێهەم هەڵبژێرن و بێلایەن بن.

دەربارەی لابردنی قەدەغەی سەر ئیمراڵی (ئەنگین ئۆزکۆچی) ئەندام پەرلەمانی جەهەپە لە پەرلەمانی تورکیا لە دیمانەیەکیدا بۆ ئاژانسی DW تورک، گوتی "بۆ لەکاتی ئێستادا بریاری لابردنی قەدەغەیان دەرکرد؟ بۆچی لەرابردودا ئەمەیان نەکرد؟". بە واتا ئەم هەنگاوە پێشوەختەیە بەر لەوادەی هەڵبژاردنی ئیستەنبوڵ مەرامی سیاسی لەپشتەو ئاکپارتی دەیەوێت لەم رێگایەوە ئامانجەکەی پشت ئەستور بەدەنگی کوردەکان لە ئیستەنبوڵ بەدەستبهێنێت.

لەلایەکی دیکەوە (حوسەین یایمان)ی ئەندام پەرلەمانی ئەکەپە لە پارێزگای هاتای، رایگەیاند "هەڵگرتنی قەدەغەی بینینی پارێزەرانی ئۆجەلان هیچ پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە نییە. بەڵکو ئێمە لەپێناو یەکێتی گەلەکەمان و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەنگاومان ناوە".

٣. شکاندنی مانگرتنی زیندانیان و چالاکانی سیاسی کورد

رۆژی ٢٦ ئایاری ٢٠١٩ دووەم پەیامی ئۆجالان تایبەت بە مانگرتوانی تورکیا بڵاوکرایەوە، ئۆجالان داوای لەچالاکانی کورد کرد کە مانگرتن بشکێنن، لەتورکیاو دەرەوەی تورکیا کە بۆ پشتگیری لەلابردنی قەدەغەی سەر ئۆجالان دەستیان کردبوو بە

مانگرتن. چالاکانی سیاسی هەمان رۆژ دڵنیابون لەپەیامەکەی ئۆجالان و هەڵگرتنی قەدەغەی سەر ئیمراڵی، دەستیان کرد بەشکاندنی مانگرتنەکەیان، (لەیلا گۆڤەن) رابەری مانگرتوان بوو، دوای ٢٠٠ رۆژ مانگرتن، بەدەم داواکەی ئۆجالانەوە رۆیشت و مانگرتنی شکاند.

٤. سەردانەکەی بیناڵی یەڵدرم بۆ ئامەد

یەکێک لەورووداوانەی لەم ماوەیەدا سەرنجی هەموانی بۆ خۆی راکێشا، بریتی بوو لەسەردانەکەی (بیناڵی یەڵدرم) بۆ ئامەد لە رۆژی ٦ حوزەیراندا. بیناڵی لەو سەردانەدا بۆ یەکەمجار پەنای بردە بەر بەکارهێنانی زمانی کوردی، ئەوەبوو بەزمانی کوردی رۆژ باش و پیرۆزبای جەژنی کرد، هاوکات لە وتەکانیدا وشەی (کوردستان)ی بەکار هێنا، ئەمەش بووە مایەی مشتومرێکی زۆر، چونکە ئەو وشەیە لە تورکیادا بەکارهێنانی قەدەغەو یاساغ کراوە. بەکارهێنانی لەلایەن بیناڵییەوە سەرنجی هەموانی بۆ خۆی راکێشا.

شایەنی بیرهێنانەوەیە کە لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی رابردودا (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) سەرۆک کۆماری تورکیا، لەبەرامبەر بەکارهێنانی وشەی کوردستان لەلایەن (سێزایی تەمەللی) هاوسەرۆکی هەدەپەوە رایگەیاند "لە تورکیا شوێنێک بە ناوی کوردستان بونی نییە، کوردستان لە باکووری عێراقە، ئەگەر کوردستانتان دەوێت، فەرموو ئێرە جێبهێڵن و برۆن بۆ باکوری عێراق".

لای خۆیەوە (عائیشە ئاجار باشەران)ی پەرلەمانتاری هەدەپە رەخنەی لەو هەڵویستانەی بیناڵی یەڵدرم لەئامەد گرت و رایگەیاند "تەنانەت منداڵێکی ٥ ساڵانی کورد دەزانێت، کەمەبەست لەو جوڵەیەی بیناڵی، تەنها بۆ راکێشانی سۆزی دەنگدەرانی کوردە لە ئیستەنبوڵ، بەڵام دڵنیابن ئەم تەکتیکانە بەسەر دەنگدەرانی کوردا تێپەرنابێت". لەلایەکی دیکەوە سیزای تەمەللی هاوسەرۆکی هەدەپە سەبارەت بەسەردانەکەی بیناڵی بۆ ئامەد و بەکارهێنانی وشەی کوردستان گوتی "لە هەڵبژاردنی ٣١ی ئاداری رابردوو کوردتان بەتیرۆریست ناساند و دەتانگووت لە تورکیا شتێك نییە بەناوی کوردستان، کەچی ئەمڕۆ بۆ کۆکردنەوەی چەند دەنگێك، لە ئامەد دان بەکوردستاندا دەنێن، کەچی پێش هەڵبژاردن کوردەکانتان دەردەکرد، ئێستاش لە باوەشیان دەگرت" .

٥. ئازادکردنی هەندێک لە چالاکانی سیاسی کورد لەتورکیا

لەدرێژەی ئەو مانۆرانەی ئاکپارتی بەرامبەر کوردەکانی تورکیا، لەچەند رۆژی رابردودا حکومەتی ئاکپارتی دەستی کرد بە ئازادکردنی، چەندئەندام و لایەنگرێکی هەدەپە، هەیانبوو ماوەی نزیکەی ٢ ساڵ و ٧ مانگ بوو، لەزینداندابوو، لەنمونەی (فەرهاد ئەنجو) پەرلەمانتاری پێشوی هەدەپە لە شرناخ کە رۆژی ١٤ حوزەیران ئازادکرا.

٦. گێرانەوەی روفاتی ئەحمەد کایاو پەیامێک بۆ برایانی کورد لەئیستەنبوڵ

یەکێکی دیکە لەو هەڵویستانەی ئەم دوایە کە شایانەی ئاماژە بۆ کردنە بریتیە لەو لێدوانانەی ئەردۆغان کە لەمیانەی بەرنامەیەکی راستەوخۆی ١٥ رادیۆی نیشتمانیی و ٢٠٠ رادیۆی لۆکاڵیی تورکیا، ئاراستەی خیزانی هونەرمەندی دیاری کورد لە تورکیا (ئەحمەد کایا) و دەنگدەرانی کوردی کرد لە ئیستەنبوڵ. ئەردۆغان لەبەرنامەکەدا پەیامێکی ئاراستەی خیزانی هونەرمەندی کۆچکردو (ئەحمەد کایا)کردو رایگەیاند "ئەو سەردەمەی کە سەرۆکوەزیران بووم، لەرێگەی وەزیری کولتوورەوە ویتسمان روفاتی ئەحمەد کایا بهێنێتەوە تورکیاو هەواڵمان دایە هاوسەرەکەشی بەڵام پەسەند نەکرا. ئێستاش ئەگەر بێت و ئەمڕۆ دەرفەتێکی لەوشێوەیە هەبێت، خانەوادەکەی هێنانەوەی تەرمی ئەحمەد کایا بۆ خاکەکەمان پەسەند بکەن، ئێمە هەرچییەکمان لەدەست بێت ئەنجامیدەدەین. ئێمە ئامادەین بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەوشێوەیە".

لەهەمان بەرنامەدا ئەردۆغان پەیامێکی تایبەتیشی ئاراستەی دەنگدەرانی کورد لە ئیستەنبوڵ کردو رایگەیاند "برایانی کوردم رۆژی یەکشەممە لە ئیستانبوڵ هەڵبژاردنێك هەیە، ئەو برا کوردانەم کە لە ئیستانبوڵ دەژین دەمەوێت هەستیارانە مامەڵە بکەن و دەنگ بدەنە ئاک پارتی، ئێمە خزمەتی هەمووتان دەکەین، ئەوە ئێمە بوین ئیستانبوڵمان بە زبڵدان، قوڕ و چاڵەوە لە جەهەپە وەرگرت. بەڵام دەیبینن لەئێستادا ئیستانبوڵ بەچ دۆخێکی خزمەتی ئێمە گەیشتووەتە".

چالاکانی کوردو هەدەپە لەتورکیادا پێیان وایە کە تەواوی ئەم جموجۆڵانەی ئاکپارتی لەم دومانگەی دوایدا بۆئەو مەبەستەبووە، کە پشتیوانی دەنگدەرانی کوردو هەدەپە لە ئیستەنبوڵ بەلای ئاکپارتیدا رابکێشن، یاخود وایان لێبکەن دەنگ نەدەنە

جەهەپەو ئیمام ئۆغلۆ، تا ئەگەر بە بەیکۆت کردنی پرۆسەکەش بێت. چونکە ئەو کات ئیمام ئۆغلۆ ناتوانێت دەنگەکانی پێشوی بەدەستبهێنێتەوە.

بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە ئایا جوڵەکانی ئەم دوایەی ئاکپارتی، کاریگەری لەسەر دەنگدەرانی کوردو هەدەپە، دروست دەکات لەهەڵبژاردنەکاندا؟. ئایا زۆرینەی کوردەکان ئەمجارەش دەنگ دەدەنەوە بەربژێرەکەی جەهەپە؟، یاخود رایان دەگۆرن و دەنگ دەدەنە بەربژێرەکەی ئاکپارتی؟ یان لانی کەم دوردەکەونەوە لە پشتگیری ئیمام ئۆغلۆو بەشداری پرۆسەکە ناکەن؟.

لەم بارەیەوە (سەزایی تەمەللی) هاوسەرۆکی هەدەپە لە میانی کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەی لە پەرلەمانی تورکیا رایگەیاند "هەڵوێستمان نەگۆڕە، وەك چۆن لە هەڵبژاردنی ٣١ی ئادار پشتیوانیمان لە بەرەی دیموکراسیخوازان کرد، لە رۆژی ٢٣ی حوزەیرانیشدا بەهەمانشێوە پشتیوانیمان بەردەوام دەبێت". لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی ئاژانسی DWی تورکیشدا، تەمەللی رایگەیاند" ستراتیژی هەدەپە رونە، دەنگدەرانیشمان ئیمام ئۆغلۆیان ناسیوەو دەنگی پێ دەدەن، هیوادارین ئەویش مافەکانی خۆیانیان بداتێ". راشیگەیاند "ئەوەی لە ئەستەنبوڵ کرا ستەم بوو لەئیمام ئۆغلۆ، لەبەر ئەوە دەنگدەری هەدەپە دژی ئەو ستەمە دەوەستنەوە".
ئەمەش ئاماژەیەکی رونە بۆ دەنگدەرانی هەدەپە، بە ئاراستەی دەنگدانیان بەئیمام ئۆغلۆ، لەدژی بینالی یەڵدرمی بەربژێری ئاکپارتی لە هەڵبژاردنەکەی ئیستەنبوڵدا.

پەروین بولدان هاوسەرۆکی هەدەپەش لەسەر هەمان پرس گوتی "هەمووومان لە ئیستانبوڵ کاردەکەین، تەنها بۆئەوەی ئاکەپە بیدۆڕێنێت و هێزە دیموکراسییەکان بیبەنەوە".

دەربارەی هەڵوێستی هەدەپەش، ئەنجومەنی سەرکردایەتیی هەدەپە راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە. لە راگەیەندراوەکەدا سەرەرای رەخنەگرتن لە لایەنە ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا، بەهۆی بێ هەڵویستیان دژی بەقەیومکردنی سەرۆك شارەوانییەکانی هەدەپەو پێنەدانی بەڵگەنامەی دەستبەکاربوونی ٢٠٪ی بەربژێرە هەڵبژێردراوەکانیان. بەڵام ئاماژەیان بۆ ئەوەکردوە کە ئەوان لەهەڵبژاردنەکاندا پشتیوانی لە بەرەی دیموکراسی دەکەن.

بەڵام لەم نێوانەدا ئەوەی دەبێتە جێگەی پرسیار ئەوەیە، کە بۆچی هەدەپە سورە لەسەر پشتیوانیکردنی جەهەپە؟ ئایا هەڵوێستی جەهەپە بەرامبەر پرسی کورد چ

جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ هەڵویستی هەدەپەو مەهەپەدا؟ هەدەپە لە ٣١ ئازاردا دەنگی دایە جەهەپە، بەڵام جەهەپە وەڵامێک یاخود سوپاسێکی ئەرێنی هەدەپەی نەدایەوە. ئەی کەواتە بۆ هەدەپە هەر جەهەپە هەڵدەبژێرێت تا دەنگی پێ بدات؟

بەرپرسانی هەدەپە ئەو راستییە ناشارنەوە کە پەیوەست بە مەسەلەی کوردەوە، لەم قۆناغەدا هیچ جیاوازیەکی جەوهەری لەنێوان هەڵوێستی جەهەپە و ئاکەپەدا بەدیناکرێت. هەردوپارتەکە بەردەوامن لە پێشخستنی گوتاری نەتەوەپەرستی لەدژی کورد لەتورکیادا. بەڵام ئەوەی هۆکارە بۆ ئەوەی هەدەپە، لەم قۆناغەدا جەهەپە هەڵبژێرێت ئەوەیە کە هەدەپە پێیوایە سەرکەوتنی کاندیدی جەهەپە لەئێستادا زیاتر خزمەت بە دیموکراسی تورکیا دەکات. بەلای هەدەپەشەوە بەبێ بوونی دیموکراسی کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر ناکرێت. لەهەمان کاتیشدا سەرکەوتنی هاوپەیمانی ئاکپارتی و مەهەپە، بە سەرکەوتنی بەرەی دژە دیموکراسی و دوورکەوتنەوە لە چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیادا قەڵەم دەدەن.

(ئازاد بارش) جێگری هاوسەرۆکی هەدەپە، لەبارەیەوە دەڵێت" لۆژیکی ئێستای هەدەپە ئەوەیە کێ لە هەموو پارتەکانی دیکە زیاتر نزیکی دیموکراسی و ئازادی بێت ئێمە دەنگ بەو دەدەین. یاخود لەناو سەرجەمی بژاردە خراپەکاندا دەنگ بە باشەکەیان دەدەین."

ئەوەی تائێستا وەک وەڵامێک ئەم پرسیارانە بەرونی لەشەقامدا دەبیندرێت ئەوەیە کە تا بەر لەوادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، ئاکپارتی بۆ راکێشانی پشتیوانی دەنگدەرانی کورد لەسەر ئەرزی واقیع سەرکەوتونەبوە. بەتایبەت کە هەدەپە بەئاشکرا رایگەیاندوە کە ستراتیژی خۆیان لەم هەڵبژاردنەشدا ناگۆڕن و هاوشێوەی هەڵبژاردنی ٣١ئازار دەنگ دەدەنەوە جەهەپە. بەڵام ئەوەی دیکەی دەمێنێتەوە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، بێشک دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٢٣ حوزەیران دەریدەخات، کە ئایا ئەم پلانانەی ئاکپارتی بەتەواوی شکتستیان هێناوە، یاخود تارادەیەک سەرکەوتوبون.

## ئەنجامی راپرسییەکان دەربارەی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ

هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی رابردوی تورکیا، ناوەندو دەزگاو سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە لە تورکیادا دەربارەی ئەنجامی هەڵبژاردنی ٢٣ حوزەیرانی ئیستەنبوڵ، چەندین راپرسیان ئەنجام داوە. زۆرینەی راپرسییەکانیش لەماوەی رابردودا ئەو ئەنجامەیان پشتراست کردوەتەوە، کە ئەم هەڵبژاردنەش هاوشێوەی هەڵبژاردنەکەی ٣١ ئازار، ململانێەکی بەهێز بەخۆیەوە دەبینێ، بەتایبەت لەنێوان هەردوو بەربژێرەکەی ئاکپارتی و جەهەپەدا. هاوکات ئەنجامی زۆرینەی راپرسیەکانیش، جەختیان لەوەکردوەتەوە، تا پێنج رۆژ بەر لەهەڵبژاردنەکە، چانسی (ئیمام ئۆغلۆ) زۆر زیاترە لەچانسی (بینالی یەڵدرم)، بۆ دوبارە بردنەوەی شارەوانی ئیستەنبوڵ.

1. **راپرسی کۆمپانیای ڕاوێژکاری ماک:** ١١ هەزار کەس بەشدارییان تیایدا کردبوو، ئەنجامەکانی بەم جۆرە بوو
   - ٥٠.٣٪ بەشداربوان دەنگیان دابوو بە ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ.
   - ٤٨.٢٪ بەشداربوان دەنگیان دابوو بە بینالی یەڵدرم.
   - ١.٥٪ بەشداربوان دەنگیان بە پارتەکانی دیکە بەخشیبوو.

2. **کۆمپانیای ORC** : ئەنجامی راپرسییەکەی بەم جۆرە بوو:
   - ٤٦.٧٪ بەشداربووان دەنگیان دابوو بە ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ.
   - ٤٧٪ بەشداربووان دەنگیان دابوو بە بینالی یەڵدرم.
   - ٠.٨٪ بەشداربووان دەنگیان بەخشی بووبە پارتەکانی دیکە.
   - ٥.٥٪ خۆیان یەکلا نەکردبویەوە.

کۆمپانیای ئۆرس دوو رۆژ بەر لەوادەی هەڵبژاردنەکە نوێترین راپرسی خۆی بڵاوکردەوە کە ئەنجامەکانی بەم جۆرە بوو:

- ٨.٤٩٪ بەشداربووان دەنگیان دابوو بە بینالی یەڵدرم.
- ٤.٤٩٪ بەشداربووان دەنگیان دابوو بە ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ.
- ٠.٨٪ بەشداربووان دەنگیان بەخشی بووبە پارتەکانی دیکە.

3. **راپرسی دەزگای کۆندا بۆ توێژینەوە:** چاوپێکەوتنی لەگەڵ ٣ هەزار و ٤٩٨ کەس لە ١٥٧ گەڕەکی جیاوازی شاری ئیستەنبوڵ ئەنجامدابوو، ئەنجامەکانیشی بەم جۆرە بوو:
   - ٤٩٪ بەشداربووان دەنگیان بە ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ دابوو.
   - ٤٠.٩٪ بەشداربووان دەنگیان بە بینالی یەڵدرم دابوو.
   - ٩.٤٪ بەشداربووان خۆیان یەکلانەکردبویەوە لە دەنگدان.
   - دەزگاکە بەشێوەیەکی ڕێژەیی دەنگی ئەو کەسانەشی کە خۆیان یەکلانەکردبویەوە دابەش کردبوو بەسەر بەربژێرەکاندا، بەو شێوەیەش ڕێژەی دەنگەکانی ئیمام ئۆغلۆ گەیشتە ٥٤٪ دەنگەکان، هاوکات دەنگەکانی یەڵدرم گەیشتە ٤٥٪ دەنگەکان، ١٪ دەنگەکانیش رۆیشت بۆ پارتەکانی دیکە.

4. **راپرسی کۆماپانیای کۆنسەنسۆس:** هەزار و ٤٠ کەس لە هاولاتیانی ئیستەنبوڵ بەشدارییان لە ڕاپرسیەکەدا کردبو، ئەنجامی راپرسیەکەی بەم جۆرە بوو:
   - ٥٠.٢٪ بەشداربوان دەنگیان دابوو بە ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ.
   - ٤٨.١٪ بەشداربوان دەنگیان دابوو بە بینالی یەڵدرم.
   - ١.٧٪ بەشداربوان دەنگیان بە پارتەکانی دیکە بەخشی بوو.

5. **کۆمپانیای ئۆپتیمار:** ئەنجامی راپرسیەکەی بەم جۆرە بوو:
   - ٥٢% بەشداربوان دەنگیان دابوو بە ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ.
   - ٤٨% بەشداربووان دەنگیان دابوو بە بینالی یەڵدرم.

6. **دەزگای راپرسی سۆنار:** ئەنجامی راپرسیەکەی بەم جۆرە بوو
   - ٥٢.٣٪ بەشداربووان دەنگیان دابوو بە ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ.
   - ٤٦.٧٪ بەشداربووان دەنگیان دابوو بە بینالی یەڵدرم.
   - ١٪ بەشداربووان دەنگیان بەخشی بووە پارتەکانی دیکە.

7. **ناوەندی سمیس بۆ توێژینەوە:** ئەنجامی راپرسیەکەی بەم جۆرە بوو:
   - ٥٤.٧٪ بەشداربووان دەنگیان دابوو بە ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ.
   - ٤٥٪ بەشداربووان دەنگیان دابوو بە بینالی یەڵدرم.
   - ٠.٣٪ بەشداربووان دەنگیان بەخشی بووبە پارتەکانی دیکە.

## پوختەو ئەنجامگیری

رۆژی ٢٣ حوزەیرانی ٢٠١٩ بۆ یەکەمجار لەمێژوی تورکیادا هەڵبژاردنی شارەوانی لە ئیستەنبوڵ دوبارە دەکرێتەوە، ئەم هەڵبژاردنە بەهەڵبژاردنێکی گرنگ و چارەنوسساز بۆ سەرجەم لایەنەکانی تورکیا تەماشا دەکرێت، بەتایبەت بۆ (ئاکپارتی، جەهەپە و هەدەپە). لەبواری مەیدانیدا ململانێکە لەنێوان ئاکپارتی و جەهەپەدایە.

زۆربەی دەرەنجامی ڕاپرسییەکان بۆ ئەوە دەچن کە لەم هەڵبژاردنەدا، هاوشێوەی هەڵبژاردنی رابردوو چانسی (ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ) بەربژێری جەهەپەو ئۆپۆزسیۆن، زۆر زیاترە لە بەربژێرەکەی ئاکپارتی (بینالی یەڵدرم)، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە بینالی لە ململانێکە چوبێتە دەرەوە، بەوپێیەی بۆچونێک هەیە کەپێی وایە ئاکپارتی هیچ کات ناچێتە نێو یاریەکەوە کە دڵنیا نەبێت لە ئەنجامەکەی، بۆیە ئەگەر هەیە هاوشێوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییە دوبارەبوەکەی ١-١١-٢٠١٥، ئەمجارەش ئاکپارتی هاوکێشەکە لەبەرژەوەندی خۆی ئاوەژو بکات و شکستەکەی ٣١ ئازاری ئیستەنبوڵ بۆ سەرکەوتن هەڵبگێرێتەوە. بەتایبەت کە لەهەڵبژاردنی رابردودا نزیکەی ملیۆنێک و ٧٠٠ هەزار دەنگدەر نەچون بۆ دەنگدان، زۆرینەی ئەو دەنگدەرانەش دەنگدەری ئاکپارتی بون.

بەڵام ئەوەی کە لێرەدا زۆر رونە ئەوەیە کە چاوەروانی کێبرکێیەکی توند دەکرێت لەنێوان هەردو کاندیدەکەدا، دواجار ئەنجامەکانیش لەبەرژەوەندی هەریەکێکیاندا بێت، ئەوا بەجیاوازیەکی زۆر کەم دەبێت، وەک لە هەڵبژاردنی رابردودا رویداو ئیمام ئۆغلۆ بەجیاوازی تەنها ٢١ هەزار دەنگ هەڵبژاردنەکەی لەبەرژەوەندی خۆی یەکلاکردەوە.

هاوکات لەنێوان ئاکپارتی و جەهەپەدا، ئەمجارەش دەنگدەرانی کوردو هەدەپە یەکێک دەبن لەکارەکتەرە سەرەکیەکانی ئەم هەڵبژاردنە، چاوەروانیش دەکرێت هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی ٣١ ئازار رۆڵی سەرەکی بگێرن، لەسەرکەوتنی لایەنێک و شکستهێنان بەلایەنێکی دیکە. هەرچەندە ئەوەی تا ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع لە سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی هەدەپە دەبیندرێت، ئەوەیە کە هەدەپە لەسەر ئاستی سەرکردایەتی و ئەندامانی هاوشێوەی هەڵبژاردنەکەی رابردو بریاریداوە دەنگبداتە بەربژێرەکەی جەهەپە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەمجارەش ئەو ٩١١ هەزار

دەنگدەرەی هەدەپە کە دەنگیان دابوە ئیمام ئۆغلۆ، بەدەم داواکاری هەدەپەوە دەچن و دەنگ دەدەنەوە بە ئیمام ئۆغلۆ، یاخود ئەمجار بەشێک لەو دەنگدەرانە بەپێچەوانەوە دەنگ دەدەنە بینالی یەڵدرم، یان هاوشێوەی ئەو ٢٨٠ هەزار دەنگدەرەی هەدەپە کەلە هەڵبژاردنی ٣١ی ئازاردا نەچوم بۆدەنگدان و بایکۆتیان هەڵبژارد، ئەوانیش بە بایکۆت پشت دەکەنە جەهەپەو بەشدار دەبن لەشکستپێهێنانیدا. بێشک ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە، بریتییە لەئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی ٢٣ حوزەیرانی شارەوانی ئیستەنبوڵ.

## سەرچاوەكان

### كتێب و نوسراوی كوردی


١. گەیلان عەباس، گۆڕانكارییەكانی توركیاو كاریگەرییان لەسەر پێگەی كورد، چاپی یەكەم، چاپخانەی بنكەی ژین، ٢٠١٨، سلێمانی.
٢. گەیلان عەباس، هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆكایەتی توركیا ٢٤ حوزەیرانی ٢٠١٨، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆران، سلێمانی ٢٠١٨.

### كتێبی عەرەبی

٣. محمود سمري الرنتييسى، النتخابات البلدية التركية: تداعيات تتخطى املحي، املركز العربيّ لألبحاث ودراسة السياسات، قطر، ١٩ مارس ٢٠١٩.

### ماڵپەرە كوردییەكان

٤. یڵدرم: "باهیچ كەسێک هەوڵی جیاكردنەوەی كوردەكان نەدات، پێگەی ئەلیكترۆنی" :
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88%D8%B1...
٥. هەدەپە: بەرامبەر ئاكپارتی و مەهەپە، دەنگ دەدەین بە ئیمامئۆغلو، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=72625&babet=1&relat=1024
٦. ئیستانبوڵ.. رۆژی یەكشەممە ١٠ ملیۆن ٥٠٠ هەزار دەنگدەر روو لە بنكەكانی دەنگدان دەكەن، پێگەی ئەلیكترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88%D8%B1
٧. قەدەخەی دیداری سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان هەڵگیرا، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/16052019
٨. ئەردۆغان: "ئامادەین بۆ هێنانەوەی روفاتی ئەحمەد كایا بۆ توركیا"، پێگەی ئەلیكترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88%D8%B1%D9...
٩. بانگەوازی ئەردۆغان بۆ دەنگدەرانی كورد، پێگەی ئەلیكترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88%D8%B1%D9...
١٠. هەدەپە: "ئامادەكاریمان بۆ هەڵبژاردنی ئیستانبوڵ راگەیاند ، پێگەی ئەلیكترۆنی" :
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88%D8%B1...
١١. هاوسەرۆكی هەدەپە: ئاكپارتی دوێنێ نكۆڵی لە كوردستان كرد و ئەمڕۆ بۆ چەند دەنگێك دانی پێدادەنێت، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/09062019
١٢. ئەردۆغان كەسایەتییە بەهێزەكانی پارتەكەی دەخاتە گرەوی هەڵبژاردنەكانەوە، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://hawlati.co/page_detail?smart-id=6216
١٣. توركیا: نزیكەی ٦٠ ملیۆن كەس بەشداریی هەڵبژاردنی شارەوانییەكان دەكەن، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://kurdpress.com/ku/details.aspx?id=43428
١٤. هەڵبژاردنی شارەوانی توركیا (٢٠١٩(نئیستانبوڵ، وەك ناوەندێكی گرنگ و فرە رەهەند، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://knwe.org/?p=37394

١٥. بە ژمارەی دانیشتوانییەوە ئیستانبوڵ پێش ١٣١ وڵات دەداتەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88%D8%B1%...

١٦. هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا، ئاووهەوای هەڵبژاردنە گشتییەکانی هەیە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=36176

١٧. کلچدارئۆغلوو: ئەگەر ساختەکاریی کراوە، با هەڵبژاردن بۆ هەر ٣٩ قەزاکە دووبارە بکرێتەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=39148

١٨. پارێزەر و یاساناسەکانی تورکیا لەسەر بڕیارەکەی کۆمسیۆن هاتنە دەنگ، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=39128

١٩. ئێردۆغان لەسەر بڕیارەکەی کۆمسیۆن هاتە دەنگ، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=39119

٢٠. هەدەپە لەسەر بڕیارەکەی کۆمسیۆن هاتە دەنگ، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=39113

٢١. کورد لە دەنگدان بە جەهەپە چی دەستدەکەوێت؟، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.peyserpress.com/detail/2541

٢٢. ئایا ئەردۆغان دەتوانێت دەنگدەری کورد لە ئیمامئۆغلو دووربخاتەوە؟، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.peyserpress.com/detail/2255

٢٣. هاوسەرۆکی هەدەپە: وەک بەشێک لە ستراتیژییەکەمان، دەنگدەرانمان دەنگ بە ئیمامئۆغلو دەدەن، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=39863

٢٤. بڕیارەکەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی تورکیا ئابوری وڵاتەکەی شڵەقاند، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=39742

٢٥. نوێترین لێدوانی ئێردۆغان لەبارەی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکەی ئیستەنبوڵەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=39431

٢٦. جیهان چۆن لە بڕیارەکەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا دەڕوانێت؟ ، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=39111

## ماڵپەرە عەرەبییەکان

٢٧. غول وداود أوغلو ينتقدان قرار إعادة انتخابات بلدية إسطنبول، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/news/politics/2019/5/8/%D8%AF%D8%...

٢٨. غول وأوغلو ينتقدان قرار إعادة انتخابات بلدية إسطنبول، على الموقع:
https://ahvalnews.com/ar/%D8%BA%D9%88%D9%8...

٢٩. 11سؤالًا وجوابًا عن انتخابات تركيا المحلية ٢٠١٩؛ على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/58952?fbclid=...

٣٠. البطالة في تركيا بأعلى مستوياتها منذ ٢٠١٠، على الموقع:
https://www.skynewsarabia.com/business/1236007-%D8%A7%

٣١. الانتخابات المحلية في تركيا وأهميتها، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/58454

٣٢. البطالة في تركيا في أعلى مستوياتها منذ ٢٠١٠، على الموقع:
https://ahvalnews.com/ar/%D8%A7%D9%84%D8%A8

٣٣. الأكراد في الانتخابات التركية، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/dd5beaa6-f80d-4b02-90e3-15eb772e1940
٣٤. الانتخابات المحلية التركية بنكهة اقتراع رئاسي: عودة المعسكرين الكبيرين، على الموقع:
https://www.alaraby.co.uk/politics/2018/12/8/%D86

٣٥. تركيا.. اللجنة الانتخابية تكشف عن القائمة النهائية للمتنافسين على رئاسة بلدية إسطنبول، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/61539
٣٦. بالأرقام.. من سيربح انتخابات إسطنبول؟:
https://www.turkpress.co/node/61010?fbclid=IwAR1yFcGXct6AV7LwW3lllg_WafxpB6xTOaPvIQWPpqiO9vmILlkc2opf0DQ
٣٧. مرشحو أحزاب صغيرة ينسحبون لصالح إمام أوغلو في إسطنبول، على الموقع:
https://ahvalnews.com/ar/%D9%85%D8%B1%D8%B4%D8%AD%D9...
٣٨. مستقبل الكرد بعد إعادة انتخابات إسطنبول، على الموقع:
https://ahvalnews.com/ar/mstqbl-alkrd-bd-aadt-antkhabat-astnbwl/astnbwl
٣٩. الأكراد يأملون أن يحقق إمام أوغلو وعود أردوغان الزائفة، على الموقع:
https://ahvalnews.com/ar/alakrad-yamlwn-yhqq-amam-awghlw-wwd-ardwghan-alzayft/alkrd
٤٠. انتخابات الإعادة في إسطنبول: نفس المرشحين لكن باستراتيجيات مختلفة، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/60964?fbclid=IwAR2_...
٤١. إعادة انتخابات إسطنبول بين القانوني والسياسي، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/60915
٤٢. إعلان القائمة النهائية للمرشحين في انتخابات بلدية إسطنبول، على الموقع:
http://mubasher.aljazeera.net/news/%D8%A5%D8...
٤٣. تركيا.. اللجنة الانتخابية تكشف عن القائمة النهائية للمتنافسين على رئاسة بلدية إسطنبول، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/61539
٤٤. حزب الديمقراطي التركي يعلن عدم مشاركته في انتخابات الإعادة بإسطنبول، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/61172
٤٥. حزب إردوغان «يغازل» الصوت الكردي قبيل جولة الإعادة في إسطنبول، على الموقع:
https://aawsat.com/home/article/1760436/%D8%AD%D8%B2...
٤٦. يلدرم يغازل الأكراد.. ونائبة كردية ترد، على الموقع:
https://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/2019/06/08/%D9%8A%D9%84%D8
٤٧. أردوغان بعد انتخابات إسطنبول.. سيناريوهات السقوط، على الموقع:
https://al-ain.com/article/erdogan-election-istanbul-scenarios-falling

٤٨. تركيا.. اللجنة الانتخابية تكشف عن القائمة النهائية للمتنافسين على رئاسة بلدية إسطنبول، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/61539
٤٩. بالأرقام.. من سيربح انتخابات إسطنبول؟، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/61010?fbclid=IwAR1yFcGXct6AV7LwW3lllg_WafxpB6xTOaPvIQWPpqiO9vmILlkc2opf0DQ
٥٠. مرشحو أحزاب صغيرة ينسحبون لصالح إمام أوغلو في إسطنبول، على الموقع:
https://ahvalnews.com/ar/%D9%85%D8%B1%D8%B4%D8%AD%D9%88
٥١. الأكراد يأملون أن يحقق إمام أوغلو وعود أردوغان الزائفة، على الموقع:

https://ahvalnews.com/ar/alakrad-yamlwn-yhqq-amam-awghlw-wwd-ardwghan-alzayft/alkrd
٥٢. انتخابات الإعادة في إسطنبول: نفس المرشحين لكن باستراتيجيات مختلفة، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/60964?fbclid=IwAR2_zrXtXS6JmhnZEgEuWy2a6P2TjfHo6qoGD-Qw9fBQp8issoSW3sM4NvA
٥٣. إعادة انتخابات إسطنبول بين القانوني والسياسي، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/60915
٥٤. 11سؤالًا وجوابًا عن انتخابات تركيا المحلية ٢٠١٩، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/58952
٥٥. 10أسئلة عن إعادة انتخابات إسطنبول، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/61786
٥٦. استطلاع يرجح فوز إمام أوغلو في انتخابات اسطنبول المحلية، على الموقع:
https://sana.sy/?p=962433
٥٧. ني شفق: نسبة المشاركة ستحدد الفائز في انتخابات إسطنبول المقبلة، على الموقع:
https://www.alestiklal.net/ar/view/1293
٥٨. مرشح المعارضة لبلدية إسطنبول يتقدم في إستطلاعات الرأي، على الموقع:
https://middle-east-online.com/%D9%85%D8%B1%D8A....
٥٩. الانتخابات التركية: لماذا يقاتل أردوغان لإبقاء اسطنبول في قبضة حزبه؟، على الموقع:

http://www.bbc.com/arabic/middleeast-48192916
٦٠. إسطنبول.. عاصمة العالم، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/29352
٦١. أهمية اسطنبول الاقتصادية ودورها في الاستثمار العقاري في تركيا، على الموقع:

https://gi-estate.com/%D8%A3%D9%87%D9%85%D9%8A%D8%A
٦٢. تعرف على أهمية إسطنبول كمفتاح للفوز بالانتخابات التركية، على الموقع:
https://mar7aba.com.tr/%D8%AA%D8%B9%D8%B1%

## ماڵپەرو نوسراوە ئینگلیزییەکان

63. **Nearly 911,000 Kurdish HDP supporters voted for İmamoğlu on March 31: study, at the site:**
https://www.turkishminute.com/2019/05/10/nearly-911000-kurdish-hdp-supporters-voted-for-imamoglu-on-march-31-study/

64. **CHP or AKP? Istanbul's Beyoğlu divided on upcoming vote, at the site:**
https://ahvalnews.com/turkey-local-elections/chp-or-akp-istanbuls-beyoglu-divided-upcoming-vote
65. **Turkey's Kurds celebrate new year, brace for election, at the site:**
https://www.al-monitor.com/pulse/originals/2019/03/turkey-kurds-new-year-election.html
66. **Will the Alliance Between the CHP and Iyi Party Work? , at the site:**
https://thenewturkey.org/will-the-alliance-between-the-chp-and-iyi-party-work
67. **Continuing Alliances in Turkey's 2019 Local Elections, at the site:**
https://thenewturkey.org/continuing-alliances-in-turkeys-2019-local-elections
68. **Nearly 911,000 Kurdish HDP supporters voted for İmamoğlu on March 31: study:**

https://www.turkishminute.com/2019/05/10/nearly-911000-kurdish-hdp-supporters-voted-for-imamoglu-on-march-31-study/

## ماڵپەڕە تورکییەکان

69. **Beyannameya Halbjartinin Heremy ia 2019, BAJAR IRADE SERKEFTIN, at the site:**
https://www.hdp.org.tr/images/UserFiles/Documents/Editor/YerelBildirge2019-Kurtce.pdf

1. **Belediye Başkan Adaylarımız**
https://www.hdp.org.tr/tr/guncel/belediye-baskan-adaylarimiz/12954

70. **Kerestecioğlu: Bölgede kazanacağız, batıda güç kaybettireceğiz, at the site:**
https://www.dw.com/tr/kerestecio%C4%9Flu-b%C3%B6lgede-kazanaca%C4%9F%C4%B1z-bat%C4%B1da-g%C3%BC%C3%A7-kaybettirece%C4%9Fiz/a-48055141

71. **Yerel seçimde kullanılacak oy pusulası belli oldu, at the site:**
https://www.yenisafak.com/gundem/yerel-secimde-kullanilacak-oy-pusulasi-belli-oldu-3450774

72. **YSK 31 Mart'ta Kullanılacak Oy Pusulalarını Yayınladı, at the site:**
http://www.gazetenizolsun.com/guncel/ysk-31-mart-ta-kullanilacak-oy-pusulalarini-yayinladi-h30634.html

73. **YSK 31 Mart'ta Kullanılacak Oy Pusulalarını Yayınladı, at the site:**
https://www.haberler.com/son-dakika-ysk-31-mart-ta-kullanilacak-oy-11822928-haberi

74. **911 bin HDP seçmeni İmamoğlu'na oy vermiş, at the site:**
https://gazete.alinteri1.org/911-bin-hdp-secmeni-imamogluna-oy-vermis

75. **İmamoğlu 911 bin HDP'linin oyuyla seçildi:**
http://siyasihaber4.org/imamoglu-911-bin-hdplinin-oyuyla-secildi

76. **911 bin HDP seçmeni İmamoğlu'na oy vermiş:**
https://gazete.alinteri1.org/911-bin-hdp-secmeni-imamogluna-oy-vermis

77. **ORC 23 HAZİRAN İSTANBUL SEÇİM-TAHMİNİ:**
http://orcarastirma.com.tr/wp-content/uploads/2019/06/23-HAZ%C4%B0RAN-%C4%B0STANBUL-SE%C3%87%C4%B0M-TAHM%C4%B0N%C4%B0.png

78. **ORC 23 HAZİRAN İSTANBUL SEÇİM-TAHMİNİ:**
http://orcarastirma.com.tr/wp-content/uploads/2019/06/%C4%B0STANBUL-7-HAZ%C4%B0RAN.pdf

79. **İstanbul seçimi: Dokuz farklı araştırma şirketinin son anket sonuçları:**
https://ahvalnews.com/tr/secim-anketleri/istanbul-secimi-dokuz-farkli-arastirma-sirketinin-son-anket-sonuclari

80. **SONAR: AKP'nin çalıştığı 4-5 anket şirketinin sonuçları arasında:**
https://ahvalnews.com/tr/secim-anketleri/sonar-akpnin-calistigi-4-5-anket-sirketinin-sonuclari-arasinda

81. **Konda Araştırma: İmamoğlu yüzde 54, Yıldırım yüzde 45:**
https://ahvalnews-com.cdn.ampproject.org/c/s/ahvalnews.com/tr/23-haziran-istanbul-secimleri/konda-arastirma-imamoglu-yuzde-54-yildirim-yuzde-45?amp

82. **KONDA'nın Abonelerine Gönderdiği Bilgi Notu / 19 Haziran 2019:**
http://konda.com.tr/tr/duyuru/23-haziran-secimine-dair-kamuoyu-aciklamasi/

**83. Metropoll de İstanbul anketini açıkladı: 'Fark açılıyor:**
https://ahvalnews-com.cdn.ampproject.org/c/s/ahvalnews.com/tr/secim-anketleri/metropoll-de-istanbul-anketini-acikladi-fark-aciliyor?amp
**84. İstanbul için son anket Avrasya Araştırma'dan: Fark yedi puana yakın:**
https://ahvalnews.com/tr/secim-anketleri/istanbul-icin-son-anket-avrasya-arastirmadan-fark-yedi-puana-yakin